# یەکی ئایار مەزنترین ڕۆژی مێژویی جیهان

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com



چینی کرێکار، ئەو چینە پـیرۆزە هـەر دەم ماندوەیـە کـە پێویـستە سـەرجەم مرۆڤایـەتی بەچـاوی شـکۆمەندیەوە تێـی بڕوانێت،ئـەو چـینەیە کـە هەمیـشە هێزوبازوی خۆی لە خزمەت مرۆڤایەتیدا تەرخانکردوەو خستوێتیەگەڕ،وەهەمیشە لە خەبات و تێکۆشانی بێ ووچاندا بووە لە پێناو وەدیهێنـانی خواسـت و وویستە ڕەواکانی خۆیدا دژ بەکاپیتالیزم،وەبێ ووچان و دواکەوتن لە خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕیدا بووە لەپێناودەسـتەبەرکردنی مافـەکانی خۆیـدا بـە مەبەستی باش کردنی باری ئابوری و فەراهەم کردنی خـۆش گـوزەرانی بـۆ خێزانەکـەی کەبریتیـە لەبـچوکترین و یەکـەم شـانەی کۆمـەڵ لەکۆمـەڵگادا، کـە ئەمەش ڕەواترین مافە لەلای ئینسان لەپێناویدا خەبات و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستە هـەردووك پێکـەوە گـرێ بـدات، چـینی کرێکـار ئـەو چـینەیە کـە هـەتا هەتایە مرۆڤایەتی توانای ئەوەی نیە لە بەخششی ئەرك و ماندووبوونی ئەو چینە شکۆمەندو زەحمەت کێشە دەربچێت،ئەو چـینە پێکهـاتوون لـەو ئینـسانە شەکەت و ماندوانەی کەپێویستە مرۆڤایـەتی نـەك هـەر لـەم ڕۆژەدا بگـرە لەهـەموو ڕۆژێکـا دەسـتە زبرەکـانی بگوشـێت و سـەری ڕێـزی بـۆ نـەوی بکـات. کرێکار ئەو مرۆڤە لەخۆبوردویە کە ئەرك و ماندووبوونی ئەو نەبێت گەدەی خاڵیمان پڕناکرێتەوە،کرێکار ئەو مرۆڤەیـە کـەهێزوبازوی خـۆی خـستۆتەکار لـە پێناو پۆشتەیی ئێمـەدا هـەر لـەهێنانی پـەموو، لۆکـەو،خوری نێـو کێڵگـەو مـەزراکان بـۆ کارگـەکان و لەئەسـتۆگرتنی پوختـەکردنی و چێشتنی بێداری و شـەونخونی بـەدیار ئـامێرە بەرهـەم هێنەرەکانـەوە، کرێکـار ئـەو مرۆڤەیـە کـە پـەناگامان بـۆ دروسـت دەکـات بۆئـەوەی تیایـدا بحەوێینـەوەو لەسـەرماوگەرمابمانپارێزێت،کرێکار ئـەو کەسـەپیرۆزەیە دروسـت کـردن و بەرهـەم هێنـانی هـەموو کەلوپـەل و کەرەسـتەیەکی ئـەم دنیایـەی لەئەسـتۆدایە تەنهابەرهـەم هێنـانی هەڵمـژینی هـەوای لەئەسـتۆدانیە...چەوسـاندنەوەو زۆر کـارپێکردنی کرێکـار لەلایـەن چەوسـێنەران و سـەرمایەدارانەوە بـۆ زیـاتر ڕەتاندنەوەی هێزوبازویان بەبەرامبەر نرخێکی کەم و نەگونجاو نەبوونی ساناترین مافەکانی ژیان لەمەیدانەکانی کاردا بـوو بـەهۆی سـەرهەڵدانی نـاڕەزایی دەربڕین دژ بەدەسەڵات و سـەرمایەداران لەپێناوفەراهـەم کردنـی مافەکانیان،ئـەوەبوو لـە 1ی5ی سـاڵی1886زیـاتر لـە400هـەزار کرێکـار لـە شـیکاگۆی ئەمەریکا بازوی خۆیان لێ هەڵماڵی و سەرجەم بەیەك بیروڕا مانگرتن و دەست لەکارکێشانەوەی خۆیـان ڕاگەیانـدو دروشمـی کـەم کردنـەوەی کاژێرەکـانی کاریان لە11 تا12 کاژێرەوە بەرزکردەوە تاوەکو بۆیان بکەن بە8کاژێر،وەهـەروەها کرێـی ڕۆژانەکەشیان بـۆ زیادبکرێت،چـونکە لـە21ی 4ی 1856 لـە ئوستورالیا 8کاژێرکارکردن لە ڕۆژێکدا بۆکرێکار سەری هەڵداو فەراهەم کرا، ئەوەبوو سەرمایەداران ئەم هەڵوێستەی کرێکارەکـانی شـیکاگۆیان بـەگورزێکی گورچك بڕ وەسف کردو بەهەوڵ و تەقەلاو هاوکاری پۆلیسەکانیان نامەردترین و نامرۆڤانەترین هەڵوێستیان پەیڕەوکردو بۆمبێکیان هاویشتە نێو جـەماوەرو کرێکارەکانەوە لەئاکامدا بوو بەهۆی شەهید بوونی چەندین کرێکارو کەسـانی تـرو برینـدار بوونیـان، سـەرەڕای ئـەم هەڵوێـستە نـا جوامێرانەیـەش پـۆلیس دەستی کرد بەدەستگیرکردنی چەندەها کرێکارو سەرکردەی کرێکاری بەتۆمەتی

ئەوەی کە گوایە کرێکاران خۆیان هەڵساون بەئەنجامدانی فڕێدانی بۆمبەکە، لەتەك ئەمەشدا دەسـەڵاتی سـەرمایەداری ناعادیلانـە حـوکمی ئیعدامی بەسـەر چەندین کرێکاردا سەپاندو دەیەها کرێکاریشی بەحوکمی جۆراوجۆر لەزیندانەکانیدا تونـدکرد، کاردانـەوەی ئـەم تۆمـەت و کـارە نامرۆڤانەیـە وای لـەپۆلیس کرد کەویژدانیان سزایان بدات، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەپاش ڕووداوەکە بەدوو ساڵ پۆلیس دانی بەتاوانەکانی خۆیدا ناو کارەساتەکەیان ئاشکرا کـردو کرێکـارە زیندانیەکانیـشیان ئـازادکردو کوژراوەکانیـشیان بەشـەهید فەراهـەم کـرد. پـاش ئـەم بزوتنـەوە شۆڕشگێڕی و قوربانی دانە ئەوە بوو لە ساڵی1889کۆنگرەی ئەنتەرناسیونال لـە فەرەنـسا بـە ئامـادەبوونی 400نوێنـەری کرێکـاران بەسـتراو داخوازیـە ڕەواکانی چـینی کرێکـاری تیـا پەسـەندکرا کـە هـەرە گرنگترینیـان 8کـاژێر کـارکردن بـوو لـە ڕۆژێکـدا، لەسـەروو هەمووشیانەوە نوێنـەرانی یەکێتیـەکانی فەرەنسا–کرێکارانی(لاڤین) لە( برۆدۆ) داواکاری ئەوە بوون ئەم داخوازیانە ببێتە داخوازی تەواوی کرێکارانی جیهان، کـۆنگرەش بڕیاریـدا ئـەم ڕۆژە ببێتـە ڕۆژی کرێکارانی جیهان و 1ی 5ی 1890ڕۆژی مراسیم و یادکردنەوەی بێت.

یەکی ئایار..،

بەخەبات و تێکۆشان، بوو، بە بڕیار..!

بوو..،

بە ڕۆژی جیهانیی کرێکار.

*پیرۆزو بەرز ڕاگیراو بێت ڕۆژی کرێکارانی جیهان،بەردەوام بێت خەبات و تێکۆشانی کرێکاران.*